British Red Cross

Home Office

# پڕۆژەی تواناسازی دیجیتاڵ و بەستنەوە بۆ ئافرەتانی پەنابەر

ڕێبەری هاوەڵی وۆرکشۆپی 5



## ئافرەتان، منداڵان و توندوتیژی جێندەری و مافی پاراستن

ئەم رێبەرە وەک ئامرازێکی پشتیوانی پێشخراوە بۆ ئەو ئافرەتانەی بەشداری لە وۆرکشۆپەکانی پرۆژەی بەهێزکردن و ئاوێتەکردنی دیجیتاڵی ئافرەتان دەکەن. ئامانجی ئەو ئافرەتانەیە کە دۆخی پەنابەری، پاراستنی مرۆیی یان یەکگرتنەوەی خێزانی پەنابەرییان هەیە و لە بەریتانیا دەژین. ئەم پرۆژەیە لە لایەن پشتیوانی پەنابەری وەزارەتی ناوخۆ و پشتیوانی دارایی یەکخستنەوە پاڵپشتی دەکرێت.

ئەم بابەتەی خوارەوە لە سەر بنەمای کارکردن دروستکراوە لە لایەن ئافرەتانی سەلامەت لە پرۆژەی کۆچ، هاوبەشیەک کە ئامانجی بەهێزکردنی پاراستنە لە بەرامبەر توندوتیژیی جێندەری (GBV) بۆ ئافرەتانی کۆچبەر، پەنابەر و داواکارانی پەنابەری لە بەریتانیا. زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆژەی ئافرەتانی سەلامەت لە کۆچ (SWIM) دەکرێت لێرە بدۆزرێتەوە.

## ناوەرۆکەکان


توندوتیژی جێندەری چیە ..... 3
جۆرەکانی توندوتیژی جێندەری ..... 5
توندوتیژی بە ناو شەرەف ..... 5
هاوسەرگیری ناچارکراو ..... 5
هاوسەرگیری زوو ..... 5
شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە ..... 6
جیاکاری و مامەڵەی خراپ لە سەر بنەمای سێکسی، لایەنی سێکسی، یان ناسنامەی جێندەری ..... 6
توندوتیژی خێزانی چیە؟ ..... 6
چی دەبێت ئەگەر دووچاری توندوتیژی خێزانی بم؟ ..... 8
مامەڵەی خراپی سێکسی ..... 8
مامەڵەی خراپی دارایی ..... 11
هەراسانکردن و ڕاوەدوونان ..... 12
مافی پاراستن ..... 12
چی ڕوودەدات ئەگەر هەوڵی مامەڵەی خراپ بە پۆلیس بدەم؟ ..... 12
دەقە یاساییە پەیوەندیدارەکان ..... 13
وەرگرتنی فەرمانێک ئەگەر قوربانی مامەڵەی خراپ بیت ..... 14
دەق و سکیمەکانی تری دیزاینکراو بۆ یارمەتیدان لە پاراستن لە GBV یان مامەڵەی خراپ ..... 14
پاراستنی منداڵان و ڕۆڵی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ..... 15
پاراستن لە جیاکاری و تاوانی ڕق لێبوونەوە ..... 16

پێشەکی

ئەم ئامرازە ناتوانێت بە تەواوی گشت هەرەشە و ڕێکارەکانی پاراستنی بەردەست ڕوون بکاتەوە و دەربخات بەڵام بەو هیوایەیە سەرنجت بۆ هەندێک خاڵی سەرەکی ڕابکێشێت و لە کوێش دەتوانیت زانیاری زیاتر بدۆزیتەوە. گەرچی ئەم ڕێنوێنیە زانیاری دەربارەی مافەکان تێدایە، بەڵام بەڵگەنامەیەکی یاسایی نیە. بۆ هەر کەسێکی ڕێگە نەدراو ڕاوێژی کۆچ یان ڕاوێژی یاسایی بدات ئەوە کارێکی نایاسایە. ئێمە ئاماژە بە ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان دەکەین ئەوانەی زانیاری ڕێکخراو پێشکەشی تاکەکان دەکەن. گرنگە سەرنجی ئەوە بدەیت کە ئێمە زانیاری دەربارەی مافەکانی پاراستن پێشکەش دەکەین، بەڵام ناتوانین پەیمان بدەین کە زانیاریەکە یان کردارێک دەبێتە هۆی سەلامەتی.

ئێمە دان بەوە دادەنێین کە باسکردنی توندوتیژیی جێندەری، مامەڵەی خراپ بەلەخۆگرتنی گێچەڵی سێکسی و سەرپێچی تاوانکاریی دەکرێت هەستیار و زۆرجاریش تابوو بێت. ئەرکی مرۆیی ئێمە و بنەمای زیان نەگەیاندن واتە ئێمە داوامان لێدەکرێت کار بکەین بۆ کردنی ئەوەی لە توانامانداپە بۆ چارەسەری توندوتیژی جێندەری، بەلەخۆگرتنی پێشکەشکردنی زانیاری بۆ پشتیوانیکردنی خەڵکی تا ئەو بڕاردانە بکەن کە بەهێزیان دەکات و ئەو بڕیارانە بدەن کە پارێزگاریان لێدەکات.

لە ناو ئەم ڕێبەرەدا لینکی ناو دەقەکان دەدۆزیتەوە، کە ئەگەر کرتەیان لە سەر بکەیت ئەوە بۆ وێبسایتە باسکراوەکە دەبات. بۆ نموونە، ئەگەر کرتە بکەیت [لێرە] ئەوە بۆ وێبسایتی خاچی سووری بەریتانی دەبرێیت. کە شیاو بوو بێت، هەوڵمانداوە لینک بۆ سەرچاوە وەرگێردراوەکان دابنێین، بەڵام زۆرێک لە لینکەکانی ناو ئەم ڕێبەرە بۆ زانیارین کە بە زمانی ئینگلیزیە. لە کاتێکدا ئێمە دان بە سنووردارییەکانی وەرگێرانی ئۆتۆماتیکی دادەنێین، زانیاریمان دەربارەی ئەوە داوە چۆن ئەمە لە ڕێبەری ژمارە دوو بەکاربێنیت.

ئامۆژگاری گشتگر و نهێنی دەربارەی گشت جۆرەکانی توندوتیژی جێندەری بەلەخۆگرتنی توندوتیژی خێزانی بەردەستە لە سەر www.refuge.org.uk و هێڵی یارمەتی توندوتیژی خێزانی نیشتیمانی 08082000247 www.nationaldahelpline.org.uk. زانیاری و پشتیوانی زیاتر بۆ قوربانیەکانی مامەڵەی خراپی ئۆنلاین بەردەستە لە مامەڵەی خراپی ئۆنلاین بوەستێنە (Stop Online Abuse) - www.stoponlineabuse.org.uk. ئەگەر لە مەترسیدایت یان دەتەوێت هەواڵی تاوانێک بدەیت - پەیوەندی بکە بە 999 (باری لەناکاو) - 101 (بار نا-لەناکاو).

چەمکە سەرەکیەکان

**مامەڵەی خراپ** - خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. دەکرێت مامەڵەی خراپی جەستەیی، عاتیفی، دارایی و سێکسی بگرێتەوە.

**ڕەزامەندی** - بریتیە لە ڕازی بوون لە سەر شتێک بە هەڵبژاردە. ناکرێت پێشبینی بکرێت بگۆڕدرێت یان بکێشرێتەوە.

**سەرپێچی تاوانکاریی** - کردارێک کە بەگوێرەی یاسا سزا هەڵگرە.

**پاراستن** - ڕێکارێکە، بەلەخۆگرتنی ڕێکارە یاساییەکان، کە ئازادی و یەکسانی کەسێک دەپارێزێت.

**توندوتیژی** - کردارێکی هێزی جەستەیی کە دەبێتە هۆی ئازار یان بە مەبەستی ئازاردانە. زیانی دروست بوو بەهۆی توندوتیژی کە دەکرێت جەستەیی و دەروونی بێت.

## توندوتیژی جێندەری چیە

توندوتیژی جێندەری پێشێلکارییەکی باوی جیهانی مافەکانی مرۆڤە. ئافرەتان و کچان، بە تایبەتی ئەوانەی بەدۆخی کۆچ کردن تێدەپەڕن، زیاتر بەرکەوتوون بۆ چەوسانەوەی سێکسی، جیاکاری و مامەڵەی خراپ لە لایەن پیاوانەوە.

ئەوەی "توندوتیژی جێندەری" لە جۆرەکانی تری توندوتیژی جیا دەکاتەوە خودی کردارەکە نیە بەڵکو "تایبەتمەندی جێندەریە". بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک هێرشی بکرێتە سەر بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی جێندەری تەقلیدی پێشبینیکراوی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بەهۆی ئەوەی ڕەگەزگۆڕاون یان هاوڕەگەزبازن، ئەمە تاوانێکی بنیاتنراوە لە سەر جێندەر.

**لەم ڕێنوێنیەدا، سەیری هەندێک لە چەمکە سەرەکیەکانی توندوتیژی جێندەری دەکەین، بە جەختکردنە سەر ئافرەتان و منداڵان؛ جۆرەکانی مامەڵەی خراپ، و مافەکانی پاراستن کە لە بەریتانیادا هەن.**

**ساتێک تەرخان بکە بۆ ڕەچاوکردنی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:**

1. ئایا توندوتیژی و مامەڵەی خراپ هەمان واتایان هەیە؟
2. بە بۆچوونی تۆ پەیوەندی نێوان مامەڵەی خراپ و هێز چیە؟
3. ئایا کەسی ڕزگاربوو و قوربانی هەمان واتایان هەیە؟
4. مامەڵەکارانی خراپ کێن؟ قوربانیەکان/ڕزگاربووان کێن؟

## توندوتیژی بەرامبەر بە مامەڵەی خراپ

توندوتیژ و مامەڵەی خراپ هەمان شت نین؛ هەردووک چەمک بۆ کرداری زیانبەخشن، بەڵام توندوتیژ زۆر پەیوەستە بە ئازاردانی جەستەیی لەکاتێکدا مامەڵەی خراپ دەکرێت چەندین شێوازی وەربگرێت.

**گەلێک جۆری مامەڵەی خراپ هەن**

- **مامەڵەی خراپی جەستەیی** بۆ نموونە لێدان، زلە لێدان، خنکاندن، بڕین، سووتاندن.
- **مامەڵەی خراپی عاتیفی:** بۆ نموونە هەڕەشەی توندوتیژی جەستەیی یان سێکسی، تۆقاندن، زەبوونکردن، جیاکردنەوەی بەزۆر، بەدەرکردنی کۆمەڵایەتی، ڕاوەدوونان، سەرنجی نەویستراو و هتد.
- **مامەڵەی خراپی دارایی:** بۆ نموونە، ڕێگری کردن لە بەدەست هێنانی کار، کۆنترۆڵکردنی بڕیارە داراییەکان.
- **مامەڵەی خراپی سێکسی:** بۆ نموونە، هەوڵی دەستدرێژی سێکسی، دەست لێدان لە ئەندامی زاوزێ، لەشفرۆشی ناچارکراو و هتد.

## مامەڵەی خراپ و توانا

**مامەڵەی خراپ** بریتیە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. مامەڵەی خراپ ڕێگری لە کەسێک دەکات بڕیاری سەربەخۆ بدات و ناچاریان دەکات بۆ ڕەفتارکردن بە شێوازێک کە لە دژی ویستی خۆیانە. منداڵان بە تایبەتی لاوازن بەرامبەر مامەڵەی خراپ بەهۆی توانای زۆر سنوورداریان لە بارودۆخێکی دیاریکراودا. لە سیاقی توندوتیژی و مامەڵەی خراپ، زۆرینەی خەڵک بیر لە توانای جەستەیی دەکەنەوە بەڵام چەندین جۆری جیاوازی هێز هەن کە پەیوەندیدارن لە سیاقی توندوتیژی جێندەری، وەک: هێزی کۆمەڵایەتی/کۆمەڵگە، هێزی ئابوری، هێزی سیاسی، هێزی کۆمەڵایەتی جێندەری و هێزی پەیوەست بە تەمەن. هێز پەیوەستە بە هەلبژاردە: ئەو خەڵکانەی هێزیان لێ دەبرێت بژاردەی کەمتریان هەیە و بۆیە زۆرتر لاواز دەبن بەرامبەر بە مامەڵەی خراپ.

## قوربانی یان ڕزگاربوو

چەمکەکانی "قوربانی" و "ڕزگاربوو" زۆرجار بە هەمان واتا بەکاردێن. هێچ شتێکی ڕاست یان هەڵە بوونی نییە بۆ چەمکەکان. لەم ڕێبەرەدا ئێمە چەمکی 'ڕزگاربوو' بەکاردێنین بەڵام شتە گرنگەکە ئەوەیە ئەو کەسەی دووچاری مامەڵە خراپەکە بووە چۆن ئاماژە بۆ خۆی دەکات.

## هێرشکەر و ڕزگاربووان کێن؟

کەسانی هێرشکەر لە دۆخی هێزی ڕاستەقینە یان وەرگیراو، بڕیاردان و دەسەڵاتدان و بەم شێوەیە کۆنترۆڵی کەسێک دەکەن. شتێکی ئەفسانەییە کە توندوتیژی سێکسی و جێندەری بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن کەسانی نامۆوە ئەنجام دەدرێت. لە ڕاستیدا، زۆرینەی کردارەکانی توندوتیژی سێکسی و جێندەری لە لایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێن کە ڕزگاربووەکە دەیناسێت، و زۆرینەی ڕووداوە توندوتیژەکان پلانیان بۆ دارێژراوە. هێرشکەران دەکرێت هەموو کەسێک بن: هاوبەشی نزیک، ئەندامی خێزان، خزم و برادەری نزیک؛ ئەندامی کاریگەری کۆمەڵگە؛ ئەندامانی هێزە ئەمنیەکان و سەربازەکان؛ ئاشتی پارێزان؛ کارمەندان و دامەزراوەکانی یارمەتیە مرۆییەکان.

دەکرێت هەموو کەسێک دووچاری توندوتیژی سێکسی و جێندەری بێت. لە زۆربەی حاڵەتەکان، ئافرەتان و منداڵان دووچاری مەترسی بەرزتری توندوتیژی سێکسی و جێندەری دەبنەوە. هەندێک خەڵک زیاتر لاوازن بەرامبەر توندوتیژی سێکسی و جێندەری بەهۆی هۆکاری وەک ئاوارەبوون، نەبوونی پاراستنی خێزان، کەم ئەندامی و هتد.

## جۆرەکانی توندوتیژی جێندەری

توندوتیژی جێندەری توندوتیژی و چەوسانەوەی سێکسی دەگرێتەوە، لەگەڵ هاوسەرگیری بەزۆر و منداڵ، FGM، توندوتیژی بەناو 'شەرەف' و توندوتیژی خێزانی. دەکرێت جەستەیی، دەروونی، سێکسی، عاتیفی، و ماددی یان ئابوری بێت.

### توندوتیژی بە ناو شەرەف:

مامەڵەی خراپی بە ناو شەرەف وەک ڕووداوێک یان تاوانێک پێناسە دەکرێت کە ئەنجامدراوە بۆ پاراستنی شەرەفی خێزان یان کۆمەڵگە، زۆرجار کەسێک لە لایەن خێزانەکەی یان کۆمەڵگە سزا دەدرێت بۆ ئەنجامدانی شتێک کە لەگەڵ بیروباوەڕ و کەلتور ناگونجێت. بۆ نموونە، ڕەنگە تۆ قوربانی مامەڵەی خراپی شەرەف بیت بەهۆی ئەوەی تۆ: ڕێگری لە هاوسەرگیری ناچارکراو بکەیت؛ هاوبەشێکت لە کەلتور یان ئاینێکی جیاواز هەبێت؛ ژیانێکی ڕۆژئاوایی بژیت؛ تەلاقت بوێت.

### هاوسەرگیری ناچارکراو

هاوسەرگیری ناچارکراو ئەوەیە کە کەسێک یان هەردووک کەسەکە ڕازی نین بە هاوسەرگیریەکە و پەستان یان مامەڵەی خراپ بەکارهاتووە بۆ ناچارکردنیان بە هاوسەرگیریەکە. هاوسەرگیری ناچارکراو سەرپێچیەکی تاوانکارییە. هەروەها سەرپێچیەکی تاوانکارییە بۆ کەسێک درۆت لەگەڵ بکات تاوەکو بچیتە دەرەوەی وولات و بۆ هاوسەرگیری ناچارت بکات.

**ئایا ئەمە کەیسێکی هاوسەرگیری ناچارکراوە؟**

*" س کچێکی تەمەن 17 ساڵان بوو کە لە لەندەن دەژیا. دایک/باوکی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مێردێکی پێشنیارکراو ڕێکخست ص، کە تەمەنی 18 ساڵ بوو. س هەستی بە ئاسودەیی نەدەکرد هاوسەرگیری بکات بەهۆی تەمەنە بچووکەکەی بەڵام بەهۆی ئەوەی هەست دەکات لە لایەن ئافرەتانەوە سەرنجی لە سەرە، بەڵام دایک/باوکی پێی دەڵێن کە پێویستە پارێزگاری لە ناوی خێزانەکە بکات. س هەستی کرد کەوا هیچ بژاردەیەکی تری نیە، بۆیە بە هاوسەرگیریەکە لەگەڵ ص ڕازی بوو و دڵی دایک/باوکەکەی خۆی خۆشکرد."*

بەڵێ. ئەمە کەیسێکی **هاوسەرگیری ناچارکراوە** و سەرپێچیەکی تاوانکارییە. زۆرجار ئافرەتان و کچان باس لە "هەست" یان "زانیار"یەک کە نەیان توانیوە بۆ هاوسەرگیری بڵێن نەخێر، و ئەگەر وایان بوتایە، ئەوە هەندێک دەرەنجام دەبوو کە ئەگەر هاوسەرگیریەکەیان ڕەت بکردبایەوە، بۆ نموونە، پێی دەوترا تۆ هۆکاری شەرمەزاریت بۆ خێزانەکە، و تەنانەت بە شێوەی جەستەییش ئازار دەدرا. ئەو فشارەی دەخرێتە سەرت بۆ هاوسەرگیری دەکرێت چەندین جۆری هەبێت.

**بۆ ئامۆژگاری، یارمەتی و زانیاری زیاتر دەربارەی دەربارەی توندوتیژی بە ناو شەرەف، هاوسەرگیری ناچارکراو و مامەڵەی خراپ دەتوانیت پەیوەندی بە کارما نیرڤانا (Karma Nirvana) بکەیت بە ژمارە 08005999247، www.karmanirvana.org.uk**

## هاوسەرگیری زوو

هاوسەرگیری منداڵان شێوازێکە لە توندوتیژی جێندەری بەهۆی نایەکسانی جێندەرییەوە دەکرێت.  لە ئینگلترا، وێڵز و ئیرلەندای باکوور کەمترین تەمەنی هاوسەرگیری 18 ساڵە، بەڵام منداڵانی تەمەن 16 ساڵان و 17 ساڵان بە ڕەزامەندی دایک/باوکیان دەتوانن هاوسەرگیری بکەن. لە سکۆتلەندە، کەمترین تەمەنی هاوسەرگیری 16 ساڵە، بێ پێویست بوونی ڕەزامەندی دایک/باوک.

## شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە

بەگوێرەی یاسای بەریتانیا، شێواندنی ئەندامی زاوزێ یان بڕینی سەرپێچییەکی تاوانکارییە. ئەنجامدانی یان ڕێکخستنی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە سەرپێچییەکی تاوانکارییە: ئەمە واتە کە ئەنجامدانی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە سەرپێچییەکی تاوانکارییە. ئەگەر تۆ (قوربانیەکە) لە بەریتانیا دەژیت، ئەو کات سەرپێچییەکی تاوانکارییە جا کرداری شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە کە لە بەریتانیا یان دەرەوەی وولات ڕوو بدات. هەروەها یارمەتیدان یان هاندانی کچێک یان ئافرەتێک بۆ ئەنجامدانی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە بۆخۆی سەرپێچییەکی تاوانکارییە.

## جیاکاری و مامەڵەی خراپ لە سەر بنەمای سێکسی، لایەنی سێکسی، یان ناسنامەی جێندەری

ڕەنگە بتەوێت باس لەو شتانە بکەیت کە لە ڕووی تەقلیدیەوە ڕۆڵی نێرینە و مێینەن لەو وڵاتەی خۆت لێوەوە هاتوویت؟

زۆر جار، گونجان لەگەڵ ڕۆڵی تەقلیدی جێندەر هەستێکی پاراستن بە خەڵک دەدات. بەڵام، ڕۆلە تەقلیدیەکانی جێندەر دەکرێت جۆرێکی کۆنترۆڵ بێت کە تیایدا حوکمت لە سەر دەدرێت، یان تەنانەت هەڕەشەت لێدەکرێت و سزا دەدرێیت بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕۆلە پێشبینیکراوەکەت. یاساکان لە بەریتانیا هانی ئازادی کەسیی دەدەن بۆ پێناسکردن و دەربڕینی جێندەر و لایەنی سێکسی خۆیان.

ئەگەر کەسێک بە تایبەت بە ئامانج بگیرێت یان مامەڵەی خراپی لەگەڵ بکرێت بەهۆی ڕەگەز، جێندەر یان ئاراستەی سێکسیەوە، دەکرێت بە جیاکاری، گێچەڵپێکردن یان تەنانەت تاوانی ڕق لێبوونەوە هەژمار بکرێت لە سەر سروشتی جیاکاری یان مامەڵە خراپەکە.

## توندوتیژی خێزانی چیە؟

'توندوتیژی خێزانی چەمکێکە' بەکاردێت بۆ وەسفکردنی هەر توندوتیژیەک یان کردارێکی بەکارهاتوو بۆ بەدەست هێنانی کۆنترۆڵ و دەسەڵات بە سەر هاوبەش یان ئەندامێکی خێزان. لە بەریتانیا تاوانە. دەکرێت مامەڵەی خراپی جەستەیی، سێکسی، دەروونی، زارەکی، عاتیفی و دارایی و کۆنترۆڵکردنی بەزۆر بگرێتەوە. بۆ نموونە، لێدان لە هاوبەش یان منداڵەکەت دژی یاسایە، بەڵام هەروەها کۆنترۆڵکردنی جووڵەکانی هاوبەشەکەشت بەوەی قسە لەگەڵ کێ دەکەن، دەسگەیشتنیان بۆ پارە یان ئازادی سەردانیکردنی برادەرەکانیان دژی یاسایە.

| |
|---|
| **چیرۆکی خەدیجە**<br>خەدیجە ساڵی 2017 گەیشتە بەریتانیا بۆ پەیوەندیکردن بە مێردەکە لە بەریتانیا. خۆی خەڵکی ئەریتیریایە، خەدیجە لە سوودان ژیاوە لەگەڵ دوو منداڵە بچووکەکە کەلەوێدا کاری کردووە بۆ پشتیوانیکردنیان و خزمەکانی تری.<br>خەدیجە بۆ ماوەی 3 ساڵ بوو هاوسەرەکەی نەبینی بوو پێش ئەوەی بگاتە بەریتانیا و جگە لەو هیچ کەسێکی تر ناناسێت. دەستی بە تەلەفۆن یان پارەکەی خۆی نەدەگەیشت بەهۆی ئەوەی هەموو شتێک بە ناوی مێردەکەی بوو. هەستی کرد کەوا شوقەکەیان بچووکە بۆ هەر 4 یان. کارمەندێکی کەیس یارمەتی دان لە تۆمارکردنی بۆ منداڵەکان لە قوتابخانە. زانیاریان بە خەدیجە دا دەربارەی گرووپی ئافرەتان و دەستی کرد بە ئامادەبوونی هەفتانە لەو کاتەی منداڵەکان لە قوتابخانە بوون. برادەری پەیدا کرد و ئینگلیزیەکەی باشتر بوو، بەڵام مێردەکەی سکاڵای ئەوەی کرد کە لە ماڵەوە دەردەچێت و هیچی تر پارەی پێنەدا بۆ هاتووچۆی بۆ گرووپەکە. پلە بە پلە ڕێگری لێکرد لە چوون بۆ وانەکانی ئینگلیزی یان زۆر لە دەرەوە بوون جگەلە هاتووچۆکردن بە منداڵەکان بۆ قوتابخانە. ئێوارەیەک لە کاتی گفتوگۆیەک لەگەڵ خەدیجە، و دوای ئەوە دەستدەکات لە لێدانی، هەندێک جار لەبەردەم منداڵەکانیش. |

**بیرکردنەوە لە خەدیجە، دووچاری چ جۆرە مامەڵەیەکی خراپ بووە، و چ جۆرە بەربەستێکی لە بەردەمدایە بۆ داواکردنی یارمەتی؟**

- مامەڵەی خراپی دارایی. بۆ نموونە خەدیجە دەستی بە پارە ناگات. هەروەها ڕێگری لێکرا لە فێربوونی ئینگلیزی و بۆیە ناتوانێت کارێکی دەست بکەوێت.
- مامەڵەی خراپی عاتیفی/دەروونی و کۆنترۆڵکردن. هاوسەرەکەی خەدیجە جیای کردۆتەوە و وای لێکردووە هەست بە تاوان بکات کە لە ماڵەوە نەبووە بەڵکو برادەری پەیدا کردووە.
- مامەڵەی خراپی جەستەیی - ڕەنگە خەدیجە ترسی لە پرسیار هەبێت دەربارەی مۆربوونەوە یان نیشانە بۆیە ڕەنگە نەیەوێت ماڵەوە جێ نەهێڵێت یان قسە لەگەڵ خەڵکی نەکات.
- گشت کاتێک منداڵان دەکەونە ژێر کاریگەری توندوتیژی خێزانی، بێ گوێدانە ئەوەی ئایا شایەتی ڕاستەوخۆن یان نا.

ڕەفتاری کۆنترۆڵکردن یان کۆنترۆڵکردنی بەزۆر ئەو کاتەیە کە ڕەفتاری کەسەکە کاریگەریەکی مەترسیداری لە سەر خۆت و ژیانت هەیە.

**نموونە باوەکانی کۆنترۆڵکردنی بەزۆر:**

- جیاکردنەوە لە برادەر و خزمان
- کۆنترۆڵکردنی پارە
- چاودێریکردنی چالاکیەکان و جووڵە
- بەردەوام شکاندنەوەی کەسی بەرامبەر، بە سووک ناوهێنان یان ووتنی ئەوەی کەسەکە بێ سوودە
- هەڕەشەکردنی ئازاردان یان کوشتن
- هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی زانیاری یان هەواڵدان بە پۆلیس یان دەسەڵات
- شکاندنی شت ومەکی ماڵەوە
- ناچارکردن بۆ بەشداریکردن لە چالاکی تاوانکاریی یان مامەڵەی خراپ لەگەڵ منداڵان

**ئایا چەندە ڕازیت یان نارازیت بەم دەستەواژانەی خوارەوە؟**

1. **هەموو خەڵکێک بە یەکسانی دەشێت ببن بە قوربانی مامەڵەی خراپ.**

دەکرێت هەموو کەسێک ببێتە قوربانی توندوتیژی خێزانی. بەڵام، هەندێک خەڵک زیاتر لاوازن لە کەسانی تر بەهۆی هۆکاری وەک دەستکورتی، کۆچ کردن و تێکچوونی خێزان.

2. **دەستدرێژی سێکسی لە چوارچێوەی هاوسەرگیری وەک دەستدرێژی سێکسی لە لایەن کەسێکی نامۆوە توند نیە.**

بەگوێرەی یاسا لە بەریتانیا دەستدرێژی سێکسی بریتیە لە دەستدرێژی سێکسی، جا لەناوەوە یان دەرەوەی هاوسەرگیری بێت. لە ڕاستیدا، دەستدرێژی سێکسی ناو هاوسەرگیری لە بەریتانیا سەرپێچیەکی تاوانکارییە.

3. **ئەنجامدەرانی مامەڵەی خراپ لە ماڵە کێشەدارەکان گەورە دەبن**

ئەمە ئەفسانەیە. زۆربەی منداڵان کە دووچاری توندوتیژی خێزانی دەبنەوە نابن بە قوربانی یان هێرشکەر. زۆربەی منداڵان بەو بیرۆکەیە بەرپەرچ دەدرێنەوە کە ئەنجامدانی توندوتیژی بەهۆی بینینی دەرەنجامەکەی بووە. لە کاتێکدا ئەو شتە ڕاستە کە بەرکەوتن بە توندوتیژی خێزانی زیانبەخشە بۆ منداڵان، شتێکی ڕاست نیە بڵێیت کە پێشبینی ڕەفتاری کەسی گەورە دەکات. توندوتیژی بژاردەیەکی کەسە ئەنجامدەرەکەیە.[1]

4. **خواردنەوە کحولیەکان و ماددەی هۆشبەر خەڵک توندوتیژ دەکەن**

پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی خواردنەوە کحولیەکان و ماددەی هۆشبەر و توندوتیژی ئاڵۆزە بەڵام یەکێکیان نابێتە هۆی ئەوی تر. خەڵکێکی زۆر لە دۆخی ئاساییدا توندوتیژن و کەسانێکی زۆری مەیخۆری تووندیش توندوتیژ نین. لۆمەکردنی خواردنەوە یان

[1] ناميلکەی بەکارهێنانی توندوتیژی خێزانی بۆ خاوەنکاران. چاپی دووەم. پەناگە و ڕێزگرتن.

ماددەی هۆشبەر بەهانەیەکە بۆ نکۆڵیکردن لە بەرپرسیاریەتی. ڕەنگە هەردووکیان هۆکاری هێرشێکی دیاریکراو بن، بەڵام تاکە هۆکاری نین.

5. **ڕزگاربووان دەڕۆن ئەگەر مامەڵە خراپەکە ئەوەندە خراپ بوو بێت**
ئەمە ڕاست نیە. دەکرێت جێهێشتنی هاوبەشێکی توند زۆر زەحمەت بێت. ڕەنگە ڕزگاربووەکە لەوە بترسێت هاوبەشەکەی خۆی یان منداڵەکانی بکوژێت بە تایبەتی ئەگەر هەڕەشەی لەم جۆرەی کرد بێت. ڕەنگە ڕزگاربووەکە لەو باوەڕەدا بێت کە مانەوە لای کەسە خراپەکە باشترە بۆ منداڵەکان و چەندین هۆکاری تری وەک دۆخی دارایی ناجێگیر و دۆخی کۆچکردن.

## چی دەبێت ئەگەر دووچاری توندوتیژی خێزانی بم؟

ئەگەر دووچاری **توندوتیژی خێزانی یان مامەڵەی خراپ** دەبیتەوە لە پەیوەندییەکەت و دەتەوێت واز لە پەیوەندیەکەت بێنیت، هەندێک شوێن هەن کە دەتوانیت بۆ یارمەتی پەنایان بۆ ببەیت. تۆ شایستەی پاراستنی و دەتوانیت دەستت بە شوێنی سەلامەت بگات بۆ ژیان - ئەمە پێی دەوترێت پەناگە.

**خزمەتگوزاریەکانی باری لەناکاو** گشت کاتێک پەیوەندی بە ☎_**999** بکە ئەگەر خۆت یان کەسێکی تر لە مەترسی ڕاستەوخۆدایە.

**هێڵی یارمەتی نیشتیمانی توندوتیژی خێزانی** www.nationaldahelpline.org.uk هەموو کاتێک بە شەو و بە ڕۆژ بە شێوەی نهێنی ئامۆژگاری و یارمەتی پێشکەش دەکات. دەتوانن ئاڕاستەت بکەن بۆ شوێنی مانەوە، پەناگەکان، و خزمەتگوزاریە تایبەتمەندەکان. **تەلەفۆن: 08082000247.**

1. هەواڵی توندوتیژی خێزانی بدە و پەیوەندی بە 999 بکە ئەگەر خۆت یان منداڵەکانت ئێستا لە مەترسیدان.
2. ئامۆژگاری و پشتیوانی سەربەخۆ و نهێنی لە هێڵی یارمەتی نیشتیمانی توندوتیژی خێزانی وەربگرە.
3. **داوای ڕاوێژی یاسایی بکە** (یاسای خێزان، یاسای کۆچ، یاسای چاودێری کۆمەڵگە، یاسای نیشتەجێکردن)
4. پێش جێهێشتنی ماڵەوە پلانێکی سەلامەتی دابڕێژە

## مامەڵەی خراپی سێکسی

ڕەنگە مامەڵەی خراپی سێکسی لە ناوەوە یان دەرەوەی پەیوەندیەک ڕوو بدات. یاساکانی بەریتانیا داوای ڕەزامەندی دەکەن بۆ ئەنجامدانی سێکس. ڕەزامەندی ئەو کاتەیە کەوا کەسێک ئازادی و متمانەی هەیە لە هەبوونی بژاردەیەک. ئەمە واتا هەردووک کەسەکە دەڵێن بەڵێ بۆ سێکسکردن، هەموو جارێک کەوا سێکس دەکەن. ئەگەر بۆچوونی خۆت گۆڕی و ووتت نەخێر، پێویستە هاوبەشەکەت گوێت لێ بگرێت. تەنانەت ئەگەر هاوسەرگیریشت کرد بێت، هێشتا هەموو جارێک ڕەزامەندی پێویستە.

سێکسکردن لەگەڵ ئافرەتێک یان پیاوێک، تەنانەت هاوسەری خۆشت، بێ ڕەزامەندی زانیاریداریان کارێکی نایاساییە و لە بەریتانیا بە دەستدرێژی سێکسی هەژمار دەکرێت. تاوانە، و دەتوانیت پۆلیسی لێ ئاگادار بکەیتەوە.

تەمەنی ڕەزامەندی بۆ هەر جۆرێکی چالاکی سێکسی 16 ساڵە بۆ پیاوان و ئافرەتان، بێ گوێدانە ڕەگەز یان ئاراستەی سێکسی کەسێک و ئایا چالاکیە سێکسیەکە لە نێوان خەڵکانی هەمان ڕەگەزە یان نا.

سەرپێچیە بۆ هەموو کەسێک کە هەر چالاکیەکی سێکسی لەگەڵ کەسێکی ژێر **تەمەنی 16 ساڵان بکات. یاسای سەرپێچیە سێکسیەکان ساڵی 2003** پاراستنی یاسایی تایبەت پێشکەش دەکات بۆ منداڵانی تەمەن 12 ساڵان و کەمتر کە ناتوانێت بە شێوەی یاسایی ڕەزامەندی خۆیان بۆ هیچ جۆرێک ل چالاکی سێکسی بدەن. ئەوپەڕی بەندکردنی هەتاهەتایی هەیە بۆ دەستدرێژی سێکسی، هێرشکردن بە تێبرین و ناچارکردن یان خەڵەتاندنی منداڵێک بۆ بەشداریکردن لە چالاکیەکی سێکسی.

سەرپێچیە بۆ هەموو کەسێکی تەمەن 18 ساڵان کە هەر چالاکیەکی سێکسی لەگەڵ کەسێکی ژێر تەمەنی 18 ساڵان بکات، ئەگەر کەسە بە تەمەنترەکە پێگەیەکی متمانەی هەبێت (بۆ نمونە مامۆستا یان توێژەری کۆمەڵایەتی) ئەم جۆرە چالاکیە سێکسیە خراپ بەکارهێنانی پێگەکەی متمانەیە.

**جۆرەکانی مامەڵەی خراپی سێکسی**

جۆری جیاوازی سەرپێچی تاوانکاریی هەن کە هەموویان شێوازێکن لە مامەڵەی خراپی سێکسی.

**دەستدرێژی سێکسی**

سەرپێچیەکی تاوانکارییە کاتێک:

- پیاوێک بە مەبەست چووکی بباتە ناو زێ، کۆم یان دەمی کەسێکی ترەوە، و
- قوربانیەکە بەم خستنەناوەوە ڕازی نەبێت

سزا: تا بەندکردنی هەتاهەتایی

لە سکۆتلەندە، دەقی یاسایی بۆ دەستدرێژی سێکسی دەکرێت لە یاسای سەرپێچیە سێکسیەکانی ساڵی 2009 (سکۆتلەندە) سەیر بکرێت.

**هێرشکردن بە خستنەناوەوە**

سەرپێچیەکی تاوانکارییە کاتێک:

- هەر کەسێک بەمەبەست بەشێکی جەستەی خۆی یان هەر شتێکی تر بخاتە ناو زێ یان کۆمی کەسێکی ترەوە. بۆ نموونە، بەشێکی تری جەستە ڕەنگە پەنجە یان زمان یان شتێک بێت.
- خستنەناوەکە سێکسیە، و
- کەسەکەی تر بەم خستنەناوەوە ڕازی نیە.

سزا: تا بەندکردنی هەتاهەتایی

**هێرشی سێکسی**

سەرپێچیەکی تاوانکارییە کاتێک:

- هەر کەسێک بەمەبەست دەست لە کەسێکی تر بدات،
- دەست لێدانەکە سێکسیە،
- کەسەکە بە دەست لێدانەکە ڕازی نیە، و

سزا: لەکاتی ساغ بوونەوەی تاوانەکە، بەندکردن بۆ ماوەیەک لە 6 مانگ زیاتر نەبێت یان پێبژاردنێک لە ئەوپەڕی بڕی یاسایی زیاتر نەبێت، یان هەردووکیان.

**گێچەڵی سێکسی**

گێچەڵی سێکسی هەر ڕەفتارێکی نەویستراوی سێکسیە کە وات لێت دەکات هەست بە بێزاری، ترسان یان بێڕێزی بکەیت. دەکرێت چەندین شێوازی هەبێت. دەکرێت پێی بوترێت هەراسانکردنی سێکسی. دەکرێت نموونەکان ئەوە بگرێتەوە کەسێک کۆمێنتی بێڕێزی سێکسی یان ئیشارە بکات، ئیمەیل یان کورتە نامەی نەویستراو بە ناوەڕۆکی سێکسی بنێرێت، چوونە پێشی نەویستراوی سێکسی و دەست لێدان بکات، کەسێک وێنەی ڕووت لە شوێنی تۆ نیشان بدات، وەک کار، یان بەرامبەر ویستی سێکسی دیاریت پێشکەش بکات.

**مامەڵەی خراپی سێکسی: ڕاست یان هەڵە؟**[2]

1. **بەگوێرەی پێناسەی یاسای بەریتانیا دەستدرێژی سێکسی دەکرێت لە لایەن ئافرەتان و پیاوانەوە ئەنجام بدرێت**

[2] https://rapecrisis.org.uk/get-help/looking-for-information/what-is-sexual-violence/

نەخێر. دەستدرێژی سێکسی 'جۆرێکە' لە توندوتیژی سێکسی. توندوتیژی سێکسی چەمکێکی گشتیە کە بۆ وەسفکردنی هەموو جۆرێک لە کرداری یان چالاکی سێکسی نەویستراو بەکاری دێنین. پێناسەی یاسایی بریتیە لە"خستنەناوەوەی چووک (تەنها پیاوان)بۆ ناو زێ، کۆم، دەمی کەسێکی تر بێ ڕەزامەندی خۆیان."

2. **کەسێک کەوا سەرخۆشە بڕێکی زۆری خواردنەوە کحولیەکان یان ماددەی هۆشبەر بەکارهێناوە نابێت سکاڵا بکەن ئەگەر دەستدرێژی سێکسیان بکرێتە سەر یان هێرشی سێکسیان بکرێتە سەر.**

بەپێی یاسا، ڕەزامەندی بۆ سێکس ئەو کاتەیە کەوا کەسەکە بە بژاردەی خۆی ڕازیە و ئازادی و توانای ئەو بژاردەیەی هەیە. ئەگەر کەسێک لەهۆش خۆی نەبێت یان بەهۆی خواردنەوە کحولیەکان یان ماددەی هۆشبەر ئاگای لەخۆی نیە، ناتوانن ڕەزامەندی خۆیان بۆ سێکسکردن بدەن. کردنی سێکس لەگەڵ کەسێک کە لەژێر کاریگەری خواردنەوە کحولیەکان یان ماددەی هۆشبەردایە بریتیە لە دەستدرێژی سێکسی. هیچ کەسێک شایستەی ئەوە نیە دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەر؛ 100%ی بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆی هێرشکەرەکەیە.

3. **ئەگەر دوو کەس پێشووتر لەگەڵ یەک سێکسیان کرد بێت، گشت کاتێک دووبارە سێکس کردنەوە ئاساییە.**

ئەگەر کەسێک پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تر هەبێت یان پێشووتر سێکسیان کرد بێت، بەو واتایە نیە کە ناتوانن لە ڕووی سێکسیەوە لە لایەن ئەو کەسەوە هێرشیان بکرێتە سەر یان دەستدرێژی سێکسیان بکرێتە سەر. پێویستە هەموو جارێک کەوا کەسێک لە پەیوەندیەکی سێکسی بەشدار دەبێت ڕەزامەندی بدرێت و وەربگیرێت. گرنگە دڵنیای ئەوە بکەینەوە لەگەڵ هاوبەشانی سێکسیمان و دڵنیا بینەوە کە هەر شتێکی سێکسی لە نێوانمان ڕوودەدات ئەو شتەیە کە هەردووک لامان دەمانەوێت، هەموو جارێک.

4. **ئافرەتان زیاتر دەکەونە ژێر دەستدرێژی سێکسی لەدوای تاریک بوونەوە لە لایەن کەسانی نامۆوە، بۆیە نابێت بە شەوان بە تەنها دەربچن.**

<u>دەستدرێژی سێکسی بە ئەگەری زۆرەوە لە لایەن 'کەسێکی نامۆ'وە ئەنجام نادرێن</u>. نزیکەی 90% دەستدرێژی سێکسی لە لایەن پیاوانێک دەکرێت کە لە لایەن قوربانیەکە ناسران، و زۆرجار لە لایەن کەسێکەوەیە کە پێشووتر متمانەیان پێکردووە یان تەنانەت خۆشیان ویستەوە. دەستدرێژیکەری سێکسی دەکرێت برادەر، هاوپیشە، کلایەنت، دراوسێ، ئەندامانی خێزان و هاوبەش بێت. مەترسی دەستدرێژی سێکسی نابێت وەک بەهانەیەک بەکاربێت بۆ کۆنترۆڵکردنی جووڵەکانی ئافرەت یان سنووردارکردنی ماف و ئازادیەکانیان.

5. **خەڵکی زۆرجار درۆ دەکەن دەربارەی ئەوەی دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر بەهۆی ئەوەی پەشیمانن لە ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ کەسێک بۆ ڕاکێشانی سەرنج وادەکەن.**

جەختی میدیای ناهاوڕێک جەخت لە سەر بانگەشە ساختەکانی دەستدرێژی سێکسی دەکرێت ئەو هێمایە بدات کە شتێکی باوە بۆ خەڵکی تا درۆ دەربارەی توندوتیژی سێکسی بکەن. ئەمە ڕاست نیە. <u>بانگەشە ساختەکانی دەستدرێژی سێکسی زۆر دەگمەنن</u>. زۆرینەی قوربانیەکان و ڕزگاربووان هەرگیز هەواڵ بە پۆلیس نادەن. هۆکارێکی ئەمە ترسە لە باوەڕ پێنەکردن. گرنگە ڕووبەڕووی ئەم ئەفسانەیە بینەوە تاوەکو ئەوانەی تووشی توندوتیژی سێکسی بوونە بتوانن ئەو پشتیوانی و دادپەروەریە وەربگرن کە پێویستیانە.

**ئەگەر هێشتا پرسیارت هەیە دەربارەی ئەوەی ڕەزامەندی سێکسی چیە یان چۆن دەتوانیت بۆ کەسانی تری ڕوون بکەیتەوە، دەتوانیت سەیری ئەم ڤیدیۆیە بکەیت دەربارەی ڕەزامەندی کە لە لایەن پۆلیسی تەیمس ڤالی (Thames Valley) دروستکراوە**
چا و ڕەزامەندی (Tea and consent) - لینکی YouTube:
https://www.youtube.com/watch?v=pZwvrxVavnQ&t=39s

ئامۆژگاری و یارمەتی لە دوای مامەڵەی خراپی سێکسی دەکرێت لێرە دەست بخرێت:

قەیرانی دەستدرێژی سێکسی www.rapecrisis.org.uk

# مامەڵەی خراپی دارایی[3]

مامەڵەی خراپی دارایی دەکرێت وەک بەشێک لە شێوازی توندوتیژی خێزانی و کۆنترۆڵکردن لە لایەن هاوسەرەوە ڕوو بدات، یان دەکرێت لە لایەن ئەندامێکی خێزان، سەرپەرشت یان کەسێکی تری متمانەپێکراو بێت.

مامەڵەی خراپی دارایی دەکرێت ئافرەتێک بێ پارە بکات بۆ شتە بنەڕەتیەکانی وەک خواردن و جل وبەرگ، بێ دەسگەیشتن بە ئەژمێری بانکی خۆیان، بێ بوونی دەسگەیشتن بە هەر داهاتێکی سەربەخۆ و قەرزاری کە کۆبۆتەوە بەهۆی هاوبەشی خراپ کە بە ناوی خۆیانی داناوە. تەنانەت کاتێک ڕزگاربوویەک ماڵی جێهێشتووە، هێشتا دەکرێت کۆنترۆڵی دارایی لە لایەن کەسەکەوە ئەنجام بدرێت ککە نەفەقەی منداڵەکانی لایە.

مامەڵەی خراپی ئابوری (چەمکێکی فراوانترە) دەکرێت سنووردارکردنی دەسگەیشتن بۆ سەرچاوە بنەڕەتیەکانی وەک خواردن، جل وبەرگ یان هاتوچۆ بگرێتەوە، لەگەڵ ڕێگری کردن لە هۆکارەکانی باشترکردنی دۆخی ئابوریان (بۆ نموونە، لە ڕێگەی کارکردن، خواردن یان ڕاهێنان). ڕێکخراوێکی خێرخوازی ڕزگاربووانی مامەڵەی خراپی ئابوری بەم شێوازەی خوارەوە وەسفی دەکات:

*"مامەڵەی خراپی ئابوری بۆ بەهێزکردن یان دروستکردنی ناسەقامگیری ئابوری دیزاینکراوە. بەم شێوازە بژاردەکان و توانای ئافرەت بۆ دەسگەیشتن بە سەلامەتی سنووردار دەکات.* نەبوونی دەسگەیشتن بە سەرچاوە ئابوریەکان دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی ئافرەتەکە زیاتر لای پیاوی خراپ بمێنێتەوە و دووچاری ئازاری زیاتر بێت."[4]

**مامەڵەی خراپی دارایی و ئابوری قوربانیەکە ڕەنگە ئەمانەی خوارەوە بگرێتەوە:**

- بردنی پارە لێیان
- ڕێگە نەدان پێیان بۆ دەسگەیشتن بە پارەی هاوبەشکراو
- هەر شتێک خەرج دەکرێت دەخرێتە ئەستۆیان
- ناچارکردنیان بۆ پاڕانەوە بۆ پارە
- ڕێگری کردن لێیان لە بەدەست هێنانی کار
- هۆکاری ئەوەی کار لە دەست بدەن یان وازی لێ بێنن
- وەرگرتنی قەرز، کرێدیت کارت یان کەڵەکەبوونی قەرز بە ناوی قوربانیەکە
- ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی تاوان لە پێناو پارە
- ڕێگە نەدانیان بۆ کڕینی شتە پێویستەکان، بۆ خۆیان یان بۆ منداڵەکانیان، بەلەخۆگرتنی خواردنی پێویست
- هەروەها مامەڵەی خراپی دارایی دەکرێت ئەو کاتە بێت کە تاوانکارەکە پارەی پێویستی خێزانەکە بۆخۆی خەرج دەکات، یان قومار بە کەلوپەلەکانی ماڵەوە دەکات

**ئەو شتانەی پێویستە بەهەند وەربگیرێن ئەگەر نیگەرانیت دەربارەی مامەڵەی خراپی دارایی هەبێت**

**نهێنوشە و لایەنی ئاسایش:** ئەگەر نهێنوشەت بە هاوبەش، ئەندامانی خێزان و برادەران داوە. پێویستە بە زووترین کات بیانگۆڕیت تاوەکو کەسەکە دەسگەیشتنی بۆ ئەژمێرە کەسیەکانت و پارەکانت نەبێت

**پاراستنی زانیاری خۆت:** بیر لەوە بکەوە نووسراوەکانت لە کوێن، و بۆ کوێش پۆستکراون. ئەگەر نیگەرانیت لەوەی بۆ دەستی هەڵە بچن، دەتوانیت داوا لە دابینکەری خزمەتگوزاری داراییت بکەیت بۆ شوێنێکی تریان بنێریت. گرنگە تێبینی ئەوە بکەیت کە هەندێک حەواڵەی سەر ڕوونکردنەوە بانکیەکانت دەتوانێت ئەوە دیاری بکات تۆ لە کوێیت (وەک ئەوەی کامە ئامێری پارەت بەکارهێنا)، بۆیە گرنگە ئەم زانیاریە بە پارێزراوی هەڵبگریت.

**پێداچوونەوە بە پارەدانەکانت:** ئەگەر دڵنیا نیت چی بۆ ناو ئەژمێری بانکیت دێت و چی دەردەچێت، پەیوەندی بە دابینکەرەکەت بکە و ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن لە بارەی ئەم زانیاریەوە. ڕەنگە بیرۆکەیەکی باش بێت پلاندارێژەری بودجە پڕ بکەیتەوە، کە دەکرێت یارمەتیت بدات لە پلاندانانی پارەکەت، بۆیە ئاگاداری لایەنی دارایی ڕۆژانەی خۆت دەبیت. ڕەنگە بتەوێت ئەژمێرێکی نوێی بانکی بکەیتەوە بەهۆی ئەوەی ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە جیاکردنەوەی پارەکەت لە کەسە خراپەکارەکە.

---

[3] https://www.moneyadviceservice.org.uk/en/articles/protecting-against-financial-abuse
[4] https://www.womensaid.org.uk/information-support/what-is-domestic-abuse/financial-abuse

**مامەڵەکردن لەگەڵ قەرز:** هەندێک خراپەکار قەرز دەردەکەن، پارەی بێبارمتە دەردەهێنن یان کرێدیت کارت بە ناوی دەردەهێنن، یان سامانی تۆ بۆ ئاسایشی قەرزەکە بەکاردێنن، جا بە زانیاری و ڕەزامەندی خۆت بێت یان نا. قەرزەکان باوەکان دەکرێت ئەمانە بگرێتەوە:

- قەرزی دواکەوتوو
- قەرزی کرێدیت کارت
- قەرزی دواکەوتووی ئەنجومەن
- پسوولەی ووزە یان ئاو

داوای ڕاوێژی قەرز بکە و قسە لەگەڵ دابینکەرانی خزمەتگوزاری خۆت بکە.

ڕاوێژکارانی قەرز دەتوانن ڕاوێژی بەخۆڕایی و نهێنی بدەن دەربارەی بەڕێوەبردنی قەرز کە ڕەنگە بە ناوی تووە بێت. هەندێک نموونە بەم جۆرەن:

**نووسینگەی ڕاوێژی هاوڵاتی**
www.citizensadvice.org.uk

**هێڵی نیشتیمانی قەرز**
www.nationaldebtline.org

## هەراسانکردن و ڕاوەدوونان:

هەراسانکران ئەو کاتە ڕوودەدات تۆ ڕەفتاری نەویستراو لە کەسێکی ترەوە وەردەگریت کە بێزارت دەکات. نموونەکانی هەراسانکردن پەیوەندی تەلەفۆنی قیناوی، کورتە نامەی هەڕەشەئامێز، هەڕەشەکردن و زمانی زبر و زیانگەیاندن بە کەلوپەل دەگرێتەوە.

ڕاوەدوونان جۆرێکە لە هەراسانکردن و ڕەنگە ڕەفتاری وەک بەدوا داچوون، پەیوەندیکردن یان هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن بە تۆ بگرێتەوە، لەگەڵ چاودێریکردنی ئیمەیڵ و ئینتەرنێت، چاودێریکردن و سیخوڕیکردن لە سەر تۆ و ڕەفتارە هاوشێوەکانی تر. سەرپێچیەکی تاوانکاریی و سەرپێچیەکی مەدەنیە بۆ کەسێکی تر هەراسانت بکات یان ڕاوەدووت بنێت، جا ئەمە بە ئۆنلاین یان بە کەسیی بێت. دەتوانیت هەواڵی بابەتەکە بە پۆلیس بدەیت.

## مافی پاراستن

نابێت هیچ جۆرە کردارێک گەرەنتی پاراستن یان سەلامەتی بکات، بەڵام مافی داواکردنی پاراستنت هەیە ئەگەر هەست دەکەیت هەڕەشەت لێکراوە یان لە مەترسیدایت. ئەمە بە شێوەیەکی ئاسایی قسەکردن لەگەڵ خزمەتگوزاری پسپۆری مامەڵەی خراپ یان پەیوەندیکردن بە پۆلیس دەگرێتەوە. ئەگەر لە مەترسی ڕاستەوخۆ دایت، پەیوەندی بە پۆلیس بکە لەڕێگە 999 یان پەیوەندی بە خزمەتگوزاری نا-باری لەناکاوان بکە بە ژمارە 101.

دەتوانیت لێرە لیستێکی ڕێکخراوەکانی ئامۆژگاری و پشتیوانی بدۆزیتەوە کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لەڕێگەی نووسینگەی ڕاوێژی هاوڵاتی:

### چی ڕوودەدات ئەگەر هەواڵی مامەڵەی خراپ بە پۆلیس بدەم؟

گشت قوربانیەکانی توندوتیژی سێکسی و زۆرینەی قوربانیەکانی توندوتیژی خێزانی شایستەی ئاگادارکردنەوە دەبن لە پەرسەندنە سەرەکیەکان لە ماوەی 24 کاتژمێر و پشتیوانی تایبەتمەندیان لە لایەن ڕاوێژکارێکی توندوتیژی سێکسی سەربەخۆ (ISVA) یان

ڕاوێژکاری توندوتیژی خێزانی سەربەخۆ (IDVA) پێشکەش دەکرێت کە دەتوانن پاڵپشتیکار بن لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕێککارەکانی دادگا.

زانیاری دەربارەی هەواڵدان لە سەرپێچیەک بۆ پۆلیس و ڕێنوێنی بۆ لێکۆڵینەوەکانی تاوان کە بەرهەم هاتووە لە لایەن مافەکانی ئافرەتان (Rights of Women) [www.rightsofwomen.org.uk](www.rightsofwomen.org.uk)

| | |
|---|---|
| هەواڵدانی دەستدرێژی سێکسی بۆ پۆلیس | • تەلەفۆن<br>• بنکەی پۆلیس |
| لێکۆڵینەوەی پۆلیس | پۆلیس لێکۆڵینەوە دەکات ئەگەر خراپەکارەکە تاوانێکی ئەنجام دابێت کە لە ژێ یاساکانی بەریتانیایە. |
| دەستگیرکردنی خراپەکارەکە: | ڕەنگە پۆلیس کەسە خراپەکارەکە دەستگیر بکات و ئەگەر بەڵگەی تەواویان هەبێت، ڕەنگە تاوانباری بکەن بە سەرپێچی تاوانکاریی و بۆ دادگای تاوان ببرێن. |
| داواکردنی نوێنەرایەتیکردنی یاسایی | قوربانیەکە پێویست ناکات پەیوەندی بە پارێزەر بکات، پارەی تێچووی دادگا بکات یان کەیسەکەی ئامادە بکات لە کاتێکدا هێرشکارەکە ئەم شتانە دەکات. |
| دانیشتنێکی دادگا | • دانیشتنی دادگا لە دادگای بەرایی و دادگای شاهانەیی بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێن.<br>• CPS پارێزەری قوربانیەکەیە<br>• ستاندەری پشکنینی بەڵگە بریتیە لە "لەدواوەی گومانی گونجاو".<br>• بە شێوەیەکی ئاسایی قوربانیەکە تەنها لە سەرەتی لە کاتی پێشکەشکردنی بەڵگە ئامادەی دادگا بێت.<br>• خراپەکارەکە دەتوانێت دان بە تاوانەکە بنێت یان نکۆڵی بکات |
| حوکم | ئەگەر خراپەکارەکە بڵی کەوا تاوانبار نیە، دەچێتە دادگا و دادگا بڕیار و حوکمی لە سەر دەدات. |
| قەرەبو کردنەوەی زیانی تاوانکاریی | ئەگەر تووشی زیان بوو بێت بەهۆی تاوانێکی توندوتیژی دەشێت شایستەی قەرەبو کردنەوە بیت لە ڕێگەی سکیمی قەرەبو کردنەوەی زیانی تاوانکاریی. |

# دەقە یاساییە پەیوەندیدارەکان

یاسای بەریتانیا پاراستن و چارەسەر پێشکەش دەکات لە ڕێگەی دادگاکانی تاوان و دادگا مەدەنیەکان بۆ شێوازە جیاوازەکانی مامەڵەی خراپ و توندوتیژی جێندەری. ئاگاداری ئەوەبە کە ڕەنگە خزمەتگوزاریە یاساییەکان زانیاری لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هاوبەش بکەن ئەگەر کەسێک بێ بەڵگەنامە بێت. گەڕان بەدوای ڕاوێژی یاسایی لەم کەیسانە بە باش دەزانرێت.

**یارمەتی و ڕاوێژی یاسایی:** ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی یاساییە، پێویستە ڕاوێژ لە ڕاوێژکارێکی سەربەخۆی توندوتیژی خێزانی یان پارێزەرێک وەربگریت کە ئەزموونی لە یاسای خێزانی هەیە. ڕەنگە بتوانیت یارمەتی بۆ تێچووە یاساییەکانت وەربگریت. یارمەتی یاسایی یارمەتیت دەدات لە تێچووە یاساییەکانت بەلەخۆگرتنی ڕاوێژ و یارمەتی ئەگەر پێویست بکات بۆ دادگا بچیت.

**ڕێسای کۆچی توندوتیژی خێزانی (شایستەبوونی سنووردار):**[5] ڕێسای توندوتیژی خێزانی یەکێکە لە ڕێساکانی کۆچ. ئەم ڕێسایە جێبەجێ دەبێت ئەگەر کەسێک لە ناو بەریتانیا هاوسەر، هاوبەش، یان هاوسەرێکی مەدەنی هەبێت کە بەریتانی بێت، یان مۆڵەتی مانەوەی بێسنووری مانەوە (ILR)ی هەبێت، یان ڤیزەی یەکگرتنەوەی خێزانی پەنابەری هەبێت و دووچاری توندوتیژی خێزانی ببێت. ئەو کەسانەی داوای ILR دەکەن بەگوێرەی ڕێسای توندوتیژی خێزانی پێویستە داوای ڕاوێژی یاسایی بکەن. سەرپێچیەکی تاوانکارییە بۆ ڕاوێژی کۆچ پێشکەش بکەیت بێ ئەوەی پارێزەرێکی کارامە یان ڕاوێژکاری کۆچی متمانەپێدراوی OISC بێت.

---

[5] https://www.gov.uk/government/publications/victims-of-domestic-violence

## وەرگرتنی فەرمانێک ئەگەر قوربانی مامەڵەی خراپ بیت[6]

**فەرمانی نا-گێچەڵکرن:** فەرمانێکی نا-گێچەڵی دەتوانێت پارێزگاری لە تۆ و هەر منداڵێکی پەیوەندیدار بکات بەرامبەر بە توندوتیژی یان هەراسانکردن. دەتوانیت فەرمانێکی نا-گێچەڵکردن لە دژی کەسێک وەربگریت کە لە ڕووی جەستەییەوە توندوتیژ بووە یان لە دژی کەسێک کە بێزار یان هەراسانت دەکات. دەتوانیت داواکاری بۆ فەرمانێکی نا-گێچەڵکردن پێشکەش بکەیت تەنانەت ئەگەر هێشتا بتەوێت (پێویست بکات) لەگەڵ کەسە هێرشکارەکە بژیت. نموونەکانی فەرمانی نا-گێچەڵکردن ڕەنگە ئەمانە بگرێتەوە:

- نابێت هێرشکارەکەت توندوتیژی، هەڕەشەی توندوتیژی، تۆقاندن، یان بێزارت بکات
- نابێت هێرشکارەکەت بە تەلەفۆن، ئیمەیل، سۆشیال میدیا یان ڕووبەڕوو پەیوەندیت پێوە بکات
- نابێت هێرشکارەکەت بێتە شوێنی کارەکەت یان پەیوەندی پێوە بکات جا بە هەر هۆکارێک بێت

**فەرمانی نیشتەجێ بوون:** فەرمانێکی نیشتەجێ بوون جۆرێکە لە فەرمان کە کار لە سەر ئەوە دەکات کێ لە ماڵەوەی خێزانەکە دەژێیت. فەرمانێکی نیشتەجێ بوون دەکرێت:

- فەرمان بە هێرشکارەکەت بکات لە ماڵەکە دەربچێت یان لە دووری ماڵەوە بمێنێتەوە
- فەرمان بە هێرشکارەکەت بکات لە دووریەکی دیاریکراو لە ماڵەکەت بێت
- فەرمان بە هێرشکارەکەت بکات لە هەندێک کاتی دیاریکراو لە بەشێکی دیاریکراوی ماڵەکەت بمێنێتەوە (بۆ نموونە دەتوانێت فەرمانی پێ بکات لە ژوورێکی نوستنی جیاواز بخەوێت)
- فەرمان بە هێرشکارەکەت بکات ڕێگەت بداتەوە بگەڕێیتەوە ماڵەوە ئەگەر تۆ دەرکرد بێتە دەرەوە
- فەرمان بە هێرشکەرەکەت بکات بەردەوام بێت لە دانی پارەی بارمتەی خانووبەرە، کرێ یان پسوولەکان

## دەق و سکیمەکانی تری دیزاینکراو بۆ یارمەتیدان لە پاراستن لە GBV یان مامەڵەی خراپ

**ئاگاداری پارێزگاری لە توندوتیژی خێزانی (پۆلیس):** پۆلیس دەتوانێت ڕێگری لە هێرشکەرەکە بکات لە بێزارکردنت لەڕێگەی دەرچوون یان هاتنە ناوە لە دووریەکی دیاریکراو لە ماڵەکەت. بۆ ماوەی 48 کاتژمێر کارا دەبێت.

**فەرمانی پارێزگاری لە توندوتیژی خێزانی (دادگای بەرایی):** فەرمانێکی پارێزگاری لە توندوتیژی خێزانی دەتوانێت تۆ لە مامەڵەی خراپی زیاتر بپارێزێت، و ئەگەر لەگەڵ هێرشکەرەکە دەژیت، قەدەغەیان بکات لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و لە پەیوەندیکردن بە تووە. ئەگەر هێرشکەرەکە پابەندی فەرمانەکە نابێت، دەکرێت دەستگیر بکرێن و بهێنرێنە بەردەم دادگا. فەرمانێکی پارێزگاری لە توندوتیژی خێزانی ماوەی 28 ڕۆژ دەخایەنێت و کاتت پێدەدات بۆ بیرکردنەوە لە بژاردەکانت و وەرگرتنی پشتیوانی زیاتر.

**فەرمانی بێزارکردن:** پاراستن لە کەسێک کە زیاتر لە جارێک دەبێتە هۆی بێزاری بۆ تۆ.

**فەرمانەکانی پارێزگاری لە هاوسەرگیری بەزۆر:** ئەگەر کەسێک ناچارت دەکات بۆ هاوسەرگیریەک، دەکرێت تا حەوت ساڵ بکەنە بەندیخانە. دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت ئەگەر ناچاری هاوسەرگیری کراویت یان لەو باوەڕەدایت ناچاری هاوسەرگیری دەکرێیت. هاوسەرگیریەکە پێویست ناکات ڕوویدا بێت تاوەکو بتوانیت پاراستن دەست بخەیت.

**فەرمانەکانی پاراستن لە خەتەی مێینە:** دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت ئەگەر دووچاری خەتەنەی مێینە کراویت یان هەیت دەکەیت ڕەنگە ناچار بکرێت بۆ خەتەنەی مێینە. خەتەنەی مێینە پێویست ناکات ڕوویدا بێت تاوەکو پاراستن دەست بخەیت.

---

[6] https://www.gov.uk/injunction-domestic-violence

مافەکانی ئافرەتان زانیاری زیاتری تێدایە دەربارەی مەرجە یاساییەکانی مامەڵەی خراپ و میکانیزمە یاساییەکانی پاراستن کە لێرەن:
www.rightsofwomen.org.uk/get-information/violence-against-women-and-international-law

## پاراستنی منداڵان و ڕۆڵی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان

خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ئەرکی یاساییان هەیە بۆ پاراستن و باشترکردنی خۆشگوزەرانی منداڵان و گەوران کە لە مەترسیدان.

**بیر لەم پرسیارانەی خوارەوە بکەوە:**

1. ئایا دەزانیت خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵان چی دەکەن؟
2. ئایا جیاوازی نێوان پاراستنی 'منداڵی خاوەن پێداویستی' و 'منداڵ' دەزانیت؟
3. ئایا هەست دەکەیت خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵان بە ئاسانی دەسەڵاتی لابردنی منداڵانیان لەژێر چاودێری دایبابەکانیان هەیە؟

**خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی منداڵان:** خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ئەرکی یاساییان هەیە بۆ پاراستن و باشترکردنی خۆشگوزەرانی منداڵانی لاواز و دەتوانێت کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکەشی منداڵان و دایک/باوکیان بکات، بە شێوەیەکی گشتی لە ناو ژینگەی ماڵەوە و هەماهەنگیکراو لە لایەن توێژەرێکی کۆمەڵایەتی. زۆرجار خێزانەکان هەست بە نیگەرانی دەکەن لە لایەنی بەشداری خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان بەهۆی ئەو ئەزموونەی دەربارەی کەسانی تر بیستوویانە، یان تەنها بهۆی ئەوەی دەترسن کە توێژەری کۆمەڵایەتی منداڵەکان لە خێزانەکان جیا دەکەنەوە. خزمەتگوزاری منداڵان کۆمەڵێک خزمەتگوزاری چاودێری پێشکەشی منداڵان و خێزانەکانیان دەکات، لە دوای 'هەڵسەنگاندنێکی پێویستی' و بە گوێرەی یاسا لە سەریانە دڵنیای ئەوە بکەنەوە منداڵان تەندروست، سەلامەتن و بە باشی بایەخیان پێدەدرێت.

**چۆن خێزانەکان لەگەڵ خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵان بەشداری دەکەن**

چەندین ڕێگا هەن کە تیایدا خێزانەکان لە خزمەتگوزاریەکانی منداڵان بەشداری دەکەن. باوترین ڕێگا ئەوەیە کاتێک خێزانەکە ڕاستەوخۆ داوای یارمەتی لە خزمەتگوزاریەکانی منداڵان دەکات. لە کەیسەکانی تر، ئاراستەکردنی منداڵێک لەوانەیە لە لایەن پۆلیس، کارمەندی تری وەک پزیشک یان مامۆستا یان ئەندامێکی خەڵکی گشتیەوە بکرێت. ئاراستەکردنەکە بەهۆی ئەوەوە دەکرێت کە نیگەرانیەکی پارێزگاریکردن یان خۆشگوزەرانی دەربارەی منداڵەکە هەیە و پێویستیەک بۆ خزمەتگوزاریەکانی منداڵان هەیە تا تەدەخول بکات.

**ئەرکی خزمەتگوزاری منداڵان لە پاراستن**

ئەگەر خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ ئاراستەکردنێک بۆ منداڵێک وەربگرێت، لە ماوەی یەک ڕۆژی کارکردن بریار دەدەن ئایا:

- منداڵەکە پێویستی هەیە، بۆ نموونە، پێویستیان بە یارمەتیە لە بواری شوێنی مانەوە، لایەنی دارایی یان پشتیوانی تری وەک پسولەی خۆراک، و پێویستە بە گوێرەی برگەی 17 لە یاسای منداڵانی 1989 هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت (پێی دەوترێت پشتیوانی "برگەی 17").
- هۆکاری گونجاو هەیە بۆ گومانکردن کە منداڵەکە کێشەی هەیە، یان، دەشێت کێشەی ئازاردانی بەرچاوی هەبێت و ئایا پێویستە لێپرسین هەبێت و منداڵەکە هەڵسەنگاندنی بۆ کرا بێت بەگوێرەی برگەی 47 لە یاسای منداڵانی 1989.
- منداڵەکە پێویستی بە پاراستنی ڕاستەوخۆیە و کرداری لەناکاو داواکراوە.

**هەڵسەنگاندنی منداڵانی خاوەن پێداویستی**

مەزەندە دەکرێت منداڵێک "خاوەن پێداویستی" بێت ئەگەر، بێ پشتیوانی دەسەلاتی ناوخۆیی:

- دەشێت ستاندەری گونجاوی بۆ تەندروستی یان گەشە نەبێت، یان؛
- تەندروستی یان گەشەی کێشەی هەبێت، یان
- ئەگەر هیچ هۆکارێک نەبێت خواردن و پێگەی پێویست بە منداڵەکەت بدەیت، ئەوە منداڵەکەت "منداڵی خاوەن پێداویستیە" و پێویستە هەڵسەنگاندنی برگەی 17 جێبەجێ بکرێت.

**پلانی پاراستنی منداڵ**

- ئەو دۆخەی تیایدا منداڵان بڕیاریان لە سەر دەدرێت مەترسی دووچاربوونی ئازاردان، پلانێک بۆ پاراستنیان دروست دەکرێت کە کارمەندان و ئەندامانی خێزان تیایدا بەشدار دەبن بۆ خۆشگوزەرانی منداڵەکە.
- پلانەکە هەنگاوە پێویستەکان دیاری دەکات بۆ پاراستنی منداڵەکە و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێویستە بەشدار بن، بۆ نموونە، سەردانی ناوبەناو لە لایەن توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ ماڵی خێزانەکە بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی کرداری و عاتیفی و خزمەتگوزاریەکانی تر، وەک شوێنێک لە دایەنگایەک یان یارمەتی ماڵەوە.
- ئەوە دیاری دەکات چی ڕوودەدات ئەگەر پلانەکە پەیڕەو نەکرێت، و پلانەکە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت بۆ دڵنیاکردنەوە لەوەی کار دەکات.

**لە چ کاتێک منداڵەکە دەکرێت لە دایک/باوکی ببرێت**

لە زۆربەی حاڵەتەکان، هەڵسەنگاندنی سەرەتایی دەبێتە هۆی ئەوە خزمەتگوزاری منداڵان یارمەتی پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتن پشتیوانی و دەسگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان - وەک دایەنگا - تاوەکو منداڵەکان بتوانن لە ماڵەوە بمێننەوە. هەرچۆنێک بێت، خزمەتگوزاری منداڵان بەرپرسیاریەتی یاسایی هەیە بۆ پاراستنی منداڵان لە مامەڵەی خراپ و پشتگوێ خستن. ئەمە ڕەنگە بە واتای پاراستنی منداڵەکە بێت لە ئازار کە منداڵەکەت لە بارودۆخی خێزانەکە دوور دەخرێتەوە.

منداڵان دەکرێت لە دایک/باوکیان دوور بخرێنەوە تەنها:

- بە ڕەزامەندی دایک/باوک: کاتێک دایک/باوک یان بەخێوکاری منداڵێک ڕازی دەبێت لە دووری ماڵەوە بایەخی پێ بدرێت.
- بە فەرمانی دادگا: کاتێکێک دادگایەکی خێزان بڕیار دەدات منداڵێک پێویستە لە دووری ماڵەوە چاودێری بکرێت
- پەنابەری سیاسی: کاتێک منداڵێک بەتەنها بۆ وڵاتێکی سێیەم دێت و داوای پەنابەری دەکات.

توێژەری کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی دوورخستنەوەی منداڵی لە چاودێری تۆ نیە، مەگەر ئەمە لە لایەن دادگاوە فەرمانی پێکرا بێت یان تۆ ڕازی بیت کە منداڵەکەت دوور بخرێتەوە.

ئەگەر خزمەتگوزاری منداڵانی دەسەڵاتی خۆجێیت مەزندە بکات منداڵەکەت لە مەترسی ئازار پێگەیشتندایە یان پێویستی بە یارمەتیە، ئەرکیانە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکە بکەن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کامە کردار پێویستە بکرێت بۆ پاراستنی منداڵەکەت و باشترکردنی خۆشگوزەرانیان. بە گوێرەی یاسای منداڵانی 1989 ئەنجومەنێک دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ فەرمانی چاودێری ئەگەر لەو باوەڕەدابێت منداڵێک دووچاری ئازاردانی بەرچاو دەبێت یان مەترسی دووچار بوونە. دادگا بڕیار دەدات ئەگەر منداڵەکە بکرێت بۆ چاودێری ببرێت لە لایەن ئەنجومەنکە.

خاڵێکی سوودبەخشی سەرچاوە بریتیە لە NSPCC هەروەک زانیاریان هەیە لێرە:

/https://learning.nspcc.org.uk/child-protection-system/england

# پاراستن لە جیاکاری و تاوانی ڕق لێبوونەوە

بەگوێرەی یاسای یەکسانی ساڵی 2010 لەم جۆرانەی جیاکاری پارێزراویت:

- تەمەن
- کەم ئەندامی: کەسێک کەم ئەندامی هەیە ئەگەر پەککەوتەیی جەستەیی یان عەقڵی هەبێت کە کاریگەری بەرچاو و درێژخایەنی لە سەر توانای ئەو کەسە هەیە بۆ جێبەجێکردنی چالاکیە ئاساییەکانی ڕۆژانە.
- دووبارە دیاریکردنەوەی ڕەگەز: پرۆسەی گواستنەوە لە ڕەگەزێکەوە بۆ ڕەگەزێکی تر.

- هاوسەرگیری و هاوبەشی مەدەنی: هاوسەرگیری بریتیە لە یەکێتیەک لە نێوان دوو کەس: گرنگ نیە ئەگەر دووانەکە هەمان ڕەگەزیان هەبێت یان نا. دووانەکان دەتوانن بەپێی یاسا پەیوەندیان هەبێت کە وەک 'هاوبەشی مەدەنی' ناسراوە. نابێت هاوبەشە مەدەنیەکان بە کەمتر لە دووانە هاوسەری یەکتر مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت.
- دووگیانی و دایکایەتی دووگیانی بریتیە لە دووگیان بوون یان چاوەڕوانکردنی منداڵێک. دایکایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو ماوەیەی دوای لە دایک بوون و پەیوەست بە مۆڵەتی دایکایەتی لە سیاقی کارکردن. لە سیاقی دەرەوەی کارکردن، پاراستن بەرامبەر جیاکاری دایکایەتی بۆ ماوەی 26 هەفتەیە لە دوای منداڵ بوون، و ئەمەش مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتێک بە نەویستراوی بەهۆی شیردانەوە دەگرێتەوە.
- ڕەچەڵەک: ڕەچەڵەك، ڕەنگ، و ڕەگەزنامە (بەلەخۆگرتنی هاونیشتیمانی) ئێتنیکی یان نیشتیمانی.
- ئایین و بیروباوەڕ: ئایین ئاماژەیە بۆ هەر ئایینێک، بەلەخۆگرتنی نەبوونی ئایینیش. بیروباوەڕ ئاماژەیە بۆ هەر باوەڕێکی ئاینیی یان فەلسەفی و نەبوونی بیروباوەڕیش دەگرێتەوە.
- ڕەگەز: ئایا پیاو یان ئافرەتیت.
- تێڕوانینی سێکسی: ئایا سەرنجی سێکسی کەسێک بەرەو ڕەگەزی خۆیەتی، ڕەگەزی بەرامبەرە یان بۆ هەردووک ڕەگەزەکەیە.

## یاسای مافەکانی مرۆڤی ساڵی 1998

یاسای مافەکانی مرۆڤی ساڵی 1998 شازدە مافی بنەڕەتی هەیە، کە کار دەکەنە سەر گشت بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ، لە دوور بوون لە ئەشکەنجە و کوشتن تا مافە کەسییەکانی ژیانی ڕۆژانە. هەروەها مافی ئەوە دەگرێتەوە بە جیاواز مامەڵەت لەگەڵ نەکرێت بەهۆی ڕەچەڵەك، ئایین، ڕەگەز، بۆچوونە سیاسیەکان و هەر دۆخێکی تر، مەگەر نەکرێت بابەتیانە بەهانەی بۆ بهێنرێتەوە.

## تاوانی ڕق

تاوانەکانی ڕق تۆ بە ئامانج دەگرن بەهۆی لایەنگیری یان نەیاری بەرامبەر ڕەچەڵەکت، ئێتنیک، ئایین، تێڕوانینی سێکسی یان ناسنامەی ترانزجێندەریت. دەکرێت بەرامبەر خۆت و سامانەکەت ئەنجام بدرێت.

## هەواڵدانی تاوانێکی ڕق

دەتوانیت بە شێوەی ئۆنلاین هەواڵی تاوانی ڕق بدەیت لە ڕێگەی ترو ڤیژن (True Vision) لە www.report-it.org.uk

لە سکۆتلەندا دەتوانیت فۆرمی هەواڵدانی ئۆنلاینی پۆلیسی سکۆتلەندە بەکاربێنیت.

یارمەتی و پشتیوانی بۆ هەواڵدان دەکرێت لێرە Stop-Hate UK دەست بخرێت

